# لەبەدەستەوە گرتنی دەستەڵاتەوە بۆ گرتنی یەخەی یەکتری !

2004/9/3 سالم کەریم
salm_kareem2005@yahoo.ca

زۆر جار کەباس دەهاتە سەر ڕەخنە گرتن لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست یاخوود تەنانەت چەپیش ، من پێم وابووە دەبێت ڕەخنەکان هەمیشە لەچوارچێوەی دایەلۆکێکی شارستانی و بایەخدانێکی ووردا ئاراستە بکرێن . ئەم پێوەرە بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن لەلایەن هەر کادرێکی سیاسیەوە ئەگەر بەنیاز بێت بەرامبەرەکی حاڵی بکات ، لۆجیکێکی سەرکەوتووە و بەشێوێنێکی باشی دەگەینێ ، وە بێگومان بەپیادە کردنی ئەو ئێووڵە باسە سیاسیەکان کاریگەر تر و باشتر جێکەوتەو دەبن .

ڕاستێەکەی لەدەورەی ڕابردوو و ئیستاشدا زۆر باسی جۆراو جۆر لەسەنگەری جیا جیاوە لێرەو لەوێ سەبارەت بەکۆمۆنیستەکان کراوە و ئێستاش درێژەی هەیە ، بەگوزەر لەباشی و خراپی و شێوەی دەربڕینی بابەتەکان ، aلەبری درووستبوونی باسی تێرو تەسەل ودایەلۆکی سیاسی بەرزو بەدوایشیدا دەستکەوتی فکری و ڕۆشنکردنەوەی گرژیەکان ، هەمیشە باسەکان بەعەقارێکی بێ دەربازبوون گەشتووە و لەشێونێکی خراپتدا کۆتای پێ هاتووە .

لەڕاستیدا بە هێنانەوەی ووتەیەکی ئیریک فرۆم کۆتای بەم پێشەکیە کوورتە دێنم و دەچمە ناو کرۆکی باسەکەوە . فرۆم دەڵێت ئەو مرۆڤانەی کە زوو توورە دەبن و هەڵ دەچن ، لەناخەوە زۆر لاوازن و پشت بەستووە نین بە بیرێکی کامڵ و پێگەیشتوو " . من بۆیە ئەم قسەیەی فرۆمم کردە سەرەتایەک بۆ چوونە ناو باسەکەوە بەخاتری ئەوەی کە ئەگەر هەر کەسێکی هاوڕێیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری چاویان بەم بابەتە کەوت ، هەمیشە ئاسا تێمپرەچەریان بەرز نەبێتەوە و نەکەونە کوشتن و مەحکوم کردن ، لەدوا عاقیبەتیشدا بەتەنیا یەک ووشیەک نەڵێن ئەمەشیان ڕاستە یان !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!! .

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەپەنای باسەکانی " حزب و قودرەتی سیاسی ، وەرگرتنی دەستەڵات .........هتد ، بینیمان ئەو مەیلە سیاسیەی کەهەمیشە لەمێژووی ڕابردوویدا توانای گوێ گرتن و بەخۆدا چوونەوەی نەبووە ، وە دیدگاو سەلیقەی سیاسی بێجگە لەجیا بوونەوەو کەرت بوون ، هیچ ڕێگا چارێەکی تری نەبوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسیەکانی ، جیابوونەوەیەکی تریشی لەپەنای جیابوونەوەکانی پێشوویدا ڕیز دەکات . دەبینین ئەو شێوازو پرەنسیپە سوواوەی کە تاکو چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەبەرامبەر نەیارە سیاسیەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا ، ئەمرۆ وەریان گێراوەتە گیانی یەکتر و بوونەتە مایە بێ ئومێدی سەرەگێژەیەکی زۆر بۆ ئەو کۆمۆنیستانەی کە تاکو دوێنی بەدیهاتنی دنیای کۆمۆنیزیمیان بەس لەرێگەی ئەوانەوە دەبینی . ئەوەی ئەمرۆ ئەم هاوڕێیانە تێی کەوتوون وەخەریکن هەرکەسەیان بەپێی بەرژەوەندی خۆی جاری بۆ دەدەن بەهەردوو باڵەکەیانەوە ، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوور تری ئەم مەیلەی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی .

دەکرێت بپرسین ئەم شەق بوونەی ئەمرۆی ک ک لەشەو ڕۆژێکدا ڕوویدا ، یاخۆد کێشەکە واوەترە وەک خۆشیان ناوە ناوە دانی پێدا دەنێن . ڕاستیەکەی بەئاوردانەوەیەکی خێرا بە باسەکانی ک ک ، دەکرێت پەنجە بخەینە سەر بەشێک لەو بابەتانەی کە بوون بەهەوێنی لەدایکبوونی ئەم شەق بوونە . دەکرێت لەباسی حزب و قودرەتی سیاس*یەوە دیاری بکەین کە چۆن ئەم هاوڕێیانە ڕۆژ بەڕۆژ لە ئێوڵ و پراتیک و کاری کۆمۆنیستی دوور دەکەونەوە . ناکۆکی ئەم هاوڕێیانە لەسەر مەسەلەی بەدەستەوە گرتنی دەستەڵاتە ، لایەنێکیان گلەی ئەوە دەکات و دەڵێت دەبێت بەدەستەوە گرتنی دەستەڵات لەرێگەی شۆڕشەوە بێت ، بەبێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە بەشێکی تری هاوڕێیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە قودرەتی سیاسی لەرێگەی چەند سەد کەسێکەوە دەکرێت مەیسەر ببێت . دیارە مێژووی ئەم بەشەی دووەمی هاوڕێیانی ک ک واوە ترە زیاتر ئەم قسەیەی ئەوان جێکەوتە ببوو وەک و خەتی ڕەسمی حزب . بۆ نمونە هێشتا چاوساغی ئەم هاوڕێیانە لەژیاندا بوو کە کۆرشی مدرسی و لەسیمینارەکانیدا بەئاشکرا بانگێشەی ئەوەی دەرکرد کە بە چەند هەزار کەسێکەوە ئەتوانێت دەستەڵات بگرێتە دەست ، ئەی بۆ هاوڕێ منێوری حکمەت نەیفەرموو هاوڕێ تۆ هەڵەیت ، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە دوو کادری ئەمرۆی دژی ئەم بۆچوونەی کۆرش ، عەلی جەوادی و ئەێغەری کەریمی لەپەنا دەستی کۆرشەوە بوون کە کاتی باسی ئەوەی دەرکرد کە ئیمکانی هەیە دەستەڵات

لەسەرەوە بەدەست بگرین ئەی بۆ ئەو دوو هاوڕێ دڵسۆزەی ئەمڕۆی حەمیدی تەقوای سەپۆرتی قسەکانیان دەکرد . 1 { سیمیناریکی ، کۆرش ، ئەیغەری کەریمی ، عەلی جەوادی }کەنەدا ڤانکۆڤەر.

بۆ هەر کەسێک کە لەئەلف و بێی کۆمۆنیزم حاڵی بووبێت ، وە لەم دنیایە ئاڵۆزو پڕ حەقارەتە کەمێک تێگەشتبێت چاک دەزانی پایەکانی گەشتن بەدەسەتەڵات بۆ حزبێکی کۆمۆنیست چین و کامانەن ، ئایا کۆمۆنیستەکان پشت بەگروپێکی چەند کەسی دەبەستن بۆ ئەوەی لەدەسەلاتی سیاسی نزیک ببنەوە وەک ک ک بانگێشەی بۆ دەکرد ، یاخوود کام هێز هەڵدەخڕێنن بۆ گەیشتن بەدەستەڵات ؟ ئایا کۆمۆنیستەکان دەیانەوێت وەک و گرۆهێک لەسەرووی خەڵکەوە دەستەڵات بگرنە دەست ، ئەگەر وایە ک ک دتوانبێت نمونەیەکمان پشان بدات ، یاخوود بەپێی کام ئەزموونی بزووتنەوەی کرێکاری ئەم کارە ئەنجام دەدرێت ، کام لەکۆمۆنیستەکانی دنیا لەم ڕێگەیەوە سەرکەوتوو بوون و توانیان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بکەن. لەڕاستیدا بەپێچەوانەی ئەو پرسیارانەوە باشتر وایە هاوڕێیانی ک ک حاڵی بن لەوەی کە ئێستاکەش بەشێکی زۆر بەرچاو لەڕێکخرا و مەیلەجیاجیاکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لەئاستی دنیادا ڕەخنەی ئەوە لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەلشەفیکەکان دەگرن ، کەئەوان لەبری دەستەڵاتی چین ، دەستەڵاتی حزبیان جێگیر کرد ، ڕۆڵی شوراکانیان لەنێو برد. بۆیە ئاشکرایە کاتێک حیزب هەموو مەشغەڵەکانی ئەوە بێت لەسەرەوە بۆدەستەڵاتی سیاسی بچێت و بەهەرقیمەتێک بێت پێی بگات بیەوێت مێژووی بەلشەفیکەکان وەک خۆی دووبارە بکاتەوە ، بێ گومان ئەگەر ئێستا لینین خۆی زیندوو بێتەوە پێیان دەڵێت کارێکی هەڵە دەکەن .

هەڵەیەکی سیاسی زۆر گەورەیە حزبێکی بەناو کۆمۆنیست مەبستی بێت کۆدتا بکات بەپرد بۆ گەشتن بەدەستەڵاتی سیاسی و بڵێت من چەند سەد هەزار کەسێکم بەسە بۆ گەشتن بەدەستەڵات ، بێ کۆمان دەبێت هەر لەئێستاوە سیاسەتی تاکەڕەوەی خۆ بەزڵ زانین ببێتە داینەمۆوی کارکردنی و بەهەمان شێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کەبەو شێوەیە دەگەنە دەستەڵات بکەوێتە سەرکووت کردنی نەیارانی خۆی بۆ درێژە دانی بەدەستەڵاتەکەی . ڕاستیەکەی لەبری دابین کردنی زەمینەکانی شۆرش و باس کردن لە ئاراستەکردنی ئاگاهی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا بەرەو شۆرشێکی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی مەسەلەی قودرەت خاڵی سەرەکی باسی هاورێیانی ک ک پێکدەهێنێت .

ناتەبایەکان و ئەو بنبەستانەی کە هاوڕێیانی هەردوو بەرەی ک ک کرێکاری دەرگیری وون زۆر لایەنی جیاوازی بەخۆوە گرتووە کە گەواهی ئەوە دەدەن ئەم باسانە نامۆن بە باس و خۆساتێکی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری . بێ گومان بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی یاخوود ئاڵوگۆڕێکی بەرنامەی پێشینەیەکی زۆری دەوێت ، ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە مادیەتی مێژووی و مادیەتی دیالیکتیک هەبێت ئەوە دەبێت ئەو ڕاستیە بسەلمێنین کە ئەم دوو شەق بوونەی هاورێیانی ک ک کاری شەو و ڕۆژێک نیە ، یاخوود ناکرێت لە حەمیدی تەقوای سەرۆکی حزب و کۆرشی مدرسی کادری مەکتەبی سیاسی حزبەوە سەیر بکرێن ، بەڵکو پەیدا بوونی ناکۆکی نێوان باسەکانەی ک ک لەگەڵ مەسائیلە مەبدئیەکانی کۆمۆنیزم و مارکسیزمە ، وەباشتر وایە هەر لێرەشەوە هەوڵ بدرێت کە ئەگەر بکرێت ئەمانە بەقازانجی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کرێکاری وەرچەرخێنرێن و مانا بەباسە سیاسیەکانیان بدرێت ، کەچی دوور لەهەموو ئەو پێوەرانە بزانین حەمیدی تەقوایی چی بە حزبەکەی کۆرش و هاوڕێکانی دەڵێت " **انشعابیون حزب تازه ای تاسیس کرده اند. ما نقد خود به نظرات راست کورش را به این حزب سرایت نمیدهیم و این حزب را بطور ابژکتیو و بر اساس سیاستها و پراتیکش در جامعه قضاوت خواهیم کرد. اما از هم اکنون اعلام میکنیم که حزب جدید اگر بخواهد این نظرات را مبنای سیاست و عملکرد خود قرار بدهد با تمام قوا در برابر آن خواهیم ایستاد.** نامەیەک بۆ هاوڕێیان 30 ئۆگست . بەکوردیەکەی ، " ئەوانەی جیابوونەتەوە حزبێکی تازەیان درووست کردووە ، ئێمە ( ح ک ک ا ) ڕەخنەکانی خۆمان لە بۆچوونە ڕاست ڕەویەکانی کۆڕشی مدرس*ەوە ئاراستەی ئەم حزبە ناکەین ، بەڵکو لە ڕێگەی کارو هەڵسورانی مەیدانی و بووچونەکانی ئەم حزبەوە دواتر قسەی خۆمان ئەکەین ، بەڵام هاوکات ڕاشی ئەگەیەنین کە ئەگەر ئەمە " مەبەستی بۆچوونەکان کۆڕشە " بنەمای بیکردنەوەی حزبی تازە بێت بەهەموو هێزێکمانەوە لەبەرامبەریدا دەوەستینەوە" . ڕاستیەکەی نازانم ئەم هاوڕێ ڕاستە " کۆرش " لەناو حزبێکی کۆمۆنیستی وەک " ح ک ک ا " چۆن جێگەی بووەتەوە لەڕابردوودا ، بەڵکو چۆن بووە بەمەکتەبی سیاسی و کەسایەتیەکی ناسراوی ، وەئەم هاوڕێیانە کە ئێستا ئاوا یەکتری دابەش دەکەن بەسەر ڕاست و چەپدا دەبێت چی پەیامێکیان پێ بێت بۆ بزووتنەوەی

**کرێکاری ، یان ئەگەر زمانی دایەلۆک و بردنە پێشەوەی جیاوازی سیاسی بێت لەحزبێکدا ئەبێت چ جۆرە شاکارێکی فکری بەرهەم بهێنرێت ، دڵنیام وولامەکەی زۆر نیگەتفە و با خوێنەر خۆی قەزاوەت بکات .**

**بەگوزەر لەهەموو ئەمانەی سەرەوە کە باسم کرد ئەگەر بێین خاڵبەندی جیاوازیەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە لە بۆچوونەکان هەلۆیستەکانیان بکەین هەرچەندە زۆر گشتیانە قسەیان کردووە ، دەبێت ئاماژە بەسەرەکی ترین ئالگۆر بکەین کەخۆشیان باسیان لیۆە کردووە . ئەو جیاوازیانەی کە حەمید تەقوای و کۆرشی مدەڕسی باسیان کردووە ، کۆمۆنیزمی کرێکاری کە خۆیان دەڵێن مەیلێکی تایبەتی نێو بزووتنەوە کرێکاریە خراوەتە ژێر پرسیارەوە خەریکە لەناخی ڕابەرانیدا ئاڵوگۆر بەدی دێت ، من پێم وایە حەمید تەقوای زیاتر تەرەفداری ئەم ئاڵوگۆرەیە و بەگومان بووە لە ک ک ، ئەگینا هاوڕێیانی حکمەتیست نزیک ترن لە باسەکانی مەنێوری حکمەتەوە ، ئیتر ئەگەر ئێستا حەمید خۆی وا بیر ناکاتەوە ، ، ئەمە شتێکی ترە . بەهەرحاڵ پێ دەچێت ئەمانە لایەنێکیان دەستبەرداری ئەو مۆدە کۆمۆنیستیەی مەنێوری حکمەت ببن ، چونکە ئیمکانی نیە هەردووکیان هەلگری هەمان بیرو ڕا بن و بەیەکەوە لە حزبێکدا هەڵ نەکەن .**

**سەرباری ئەوەی کە دەڵێن مەنێوری حکمەت لەهەندێ مەسائیلدا شتی باشی ووتووە ، کەس ناتوانێت ئەوە بشارێتەوە کە لایەنێکی بەرچاوی سیاسەتەکانی ئەم وەزعە بووە کە ئێستا حەمید و کۆرشی تێکەوتووە . ڕاستیەکەی ک ک بەگوزەر لە ئیدعاکانی سەرباری بوونی هەر جۆرە دیموکراتیەک لەنێو ڕیزەکانیدا نەیتوانی خۆی لەسونەتی ستالیترم جیا بکاتەوە لەپەیوەند بە مۆدی حزبەوە ، چۆن ؟ هەر لەراستەوە تاکو زۆربەی حزبە چەپەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دامێنە تەشکیلاتی حزب لەهەموو بوارەکاندا ئاڵوگۆری بەسەر دێت ، کۆمیتەکان هەڵدەوەشێنەوە بەرپرسەکان لادەبرێن ، بەلام ئەو شتەی نەگۆڕە کەسایەتی یەکەمی حزبە ، دیارە ئەمە بۆ ئەحزابی ڕۆژئاوای وا نیە ، چونکە حزبەکان وەک دەزگایەک بەڕێوە دەچن نەوەک کەسێک بیبات بەڕێوە ، بەرنامەکان لەچوارچێوەی دایەلۆک و باسی کادراندا ساغ دەبێتەوە ، " لیدەری حزب " واتا سەرۆکی حزب بۆی هەیە دوو دەورە خۆی کاندید بکات ، ئەبێت حزب ئەو توانایەی هەبێـت کە هەمشە سەرۆکی تازە بۆ حزبەکەی بەرهەم بێنێت ، نەبادا جیگەی سەرۆک ببێت بە ئامرازێک بۆ سەپاندنی ئارەزووەکانی لیدەر و تەنانەت تاکو سەرنانەوەشی هەر بە سەرۆکی حزب دەمێنێتەوە. بۆیە باس مەسەلەی سەرۆکی حزبم کرد ، چونکە ڕەنگە بەشێک لەکێشەکانی حەمیدی تەقوای و کۆرشی مودەڕسی ئەم نەخۆشیە بێت ، چونکە هەردووکیان خۆیان بەڕابەر و میراتگری مەنێوری حکمەت دەزانن ، جا ئاشکرایە لەم حاڵەتەدا حزبێک کەهەموو کادرەکانی بەوە ڕاهاتبێتن کە یەک کەسی یەکەمی هەبێت ، بیگومان دوو لیدەر تەحەمول ناکات .**

**لەکۆتایدا ئەوەی ئەم هاوڕێیانەی بەم عاقیبەتە گەیاند کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆیەتی ، باسە سیاسیەکانێتی ، تێروانین و خۆیندنەوەیەتی بۆ هەلومەرجە سیاسیەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کرێکاری ، تەرحەسیاسیەکانێتی ، هەلۆێستگیریەکانێتی لەبەرامبەر مەیلە جۆراو جۆرەکانی نێوە بزووتنەوەی کرێکاری و شێوەی بەرخورد کردن لەگەلێیان ، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەو خەون و خەیاڵەیە کەپێی وایە بەدەستەوە گرتنی دەستەلات یانی گۆڕینی کابینەکانی حوکمەت بە کابینەیەکی تر ، کەتاکو پێش ئەم دوو کەرت بوونە هەردوو لایان هەرلگری ئەم بیرکردنەوەیە بوون ، سەرباری ئەوەی لایەنێکیان ئەمڕۆ پەشیمان بووتەوە و دەیەوێت هەلۆێستەیەک بکات .**